# دیدارێك لەگەڵ گەڵەنوسەری عەرەب

# (نەجیب مەحفوز)



**دیدار: کازیوە سالح-قاهیرە**

شیراتۆن قاهیرە، لەگەڵ ئەوەی بەیەکێك لەگەورەترین ئوتێلەکانی میسر ناسراوە و هەمیشە لێوان لێوە لەمیوانی بێگانە و قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ، بەڵام لەو ئێوارە سووربـاوەدا پێچەوانەی کاتەکانی دی هێمنی باڵی بەسەر هەموو کون و قوژبنێکدا کێشابوو، سێ نهۆمم بڕی جگە لەمۆسیقایەکی هێمن گوێم لەهیچ نەبوو، هێمنی جێگاکەش وای لێدەکردم شەرمبکەم دەنگم لەدەم بێتەدەرێ و ئەو بێدەنگیە بشڵەقێنم و بپرسم (نەجیب مەحفوز) لەکوێ دانیشتووە، من لێرە مەوعیدم لەگەڵدا هەیە، بۆیە بەسەر قادرمەکاندا ملی ڕێگام گرت و لەنهۆمی چوارەمدا دەنگەدەنگێك لەدوورەوە ئەو نهۆمەی ئاوەدان ئەکردەوە، بەڵام لەبەر گەورەیی شوێنەکە واتدەزانی زۆر لەدوورەوە ئەو دەنگەدەنگە دێت.

پاش پرسیارکردن خۆم لەبەردەم هۆڵێکی زۆر گەورەدا بینیەوە، گڵۆپێکی سووری کز ئەو هۆڵە پان‌وبەرینەی دەبڕی، هەموو دەنگەدەنگەکەش لەدوا کەناری ئەوپەڕی ژوورەکەدا کۆبووبووەوە، ئەوکات زانیم ئەو شەوە هەموو کڕنوشی بێدەنگیان بردبوو بۆ ئەو غەڵبەغەڵبەی کە لەدوورەوە دەهات و کەس لێی تێنەدەگەیشت لای ئەو کۆمەڵە خەڵکەوە دێ کە پیاوێکی لاواز و بچوك و کۆماوە بەماتی لای خوارەوە لەناوەڕاستدا لەسەر کورسیەك ئۆقرەی گرتووە، هەتا بەتەواوی لێی نەچیتە پێشێ نازانی (نەجیب مەحفوز) زەمەن هێندەی گۆڕیوە، من پێشتر خوێندبوومەوە و بیستبووم کە گەورە نوسەری عەرەب چاوەکانی نابینێ و زمانی گۆناکات و گوێی گرانبووە، بەڵام وام مەزەندە نەدەکرد کە بینیم.

که ئێوارەباشم کرد ئەو برادەرەی لای نوسەری گەورە (نەجیب مەحفوز)ەوە دانیشتبوو زۆر بەدەنگی بەرز وەڵامیدایەوە، تێگەیشتم کە مەبەستی ئەوەیە مامۆستا نەجیب تیبگات میوانی هات... هەرواش بوو لەگەل دەنگ بەرزبوونەوەی ئەودا نەجیب مەحفوزیش بەرزبووەوە، هەستایە سەرپێ و بەخێرهاتنی کردم و پییانگوت (ئەوە ئەو کچە کوردە نوسەر و ڕۆژنامەنوسەیە کە مەوعیدت لەگەڵدا هەبووە، چیرۆکنووسیشە).

+زۆرم پیخۆشە چیرۆك دەنووسی، چیرۆك نووسین داهینانی راستەقینەیە.

–پاشان ماوەیەك هەموویان بیدەنگ بوون، هەتا خۆم پرسیم مامۆستای گەورە لەکەیەوە بارودۆخی بەو شیوەیە بەرەو خراپی ڕۆشتووە؟

هەندیکیان بۆ باسکردم، دوائەنجام گەیشتن بەوەی کە ئەگەر هەموو بەیانیەك پزیشکە تایبەتیەکەی (علاج طبیعی) بۆ نەکات ناتوانیت ئیواران بیتە ئوتیلەکان (کە هەر ئیوارەی لەیەکیك لەئوتیلە بەناوبانگەکانی میسردا دادەنیشیت و خەلك سەردانی دەکەن یاخود بۆ مەوعیدەکانی دەچووە یەکیك لەئوتیلەکان)، ناتوانیت دەست و قاچی بجولینیت.

پاشان پرسیان بەرلەوەی بچینە سەر هەرپرسیار و وەلامیك تۆ هەندی باسی عیراقمان بۆ بکە، من لەبیدەنگی و بەئاگاداری قسەکردنەکانیانەوە تیگەیشتم پیویستیان بەوەیە زۆر زوو هەلویست و ئاقاری من بزانن، بۆیە یەکسەر گوتم من کوردم و لەکوردستانی عیراقەوە هاتووم، ئیتر کوردبی و باسی خۆی بکات، کە چۆن کوردستان و حکومەتی کوردی و خەلکی کوردستان گەیشتوون بەئازادی و خۆیان بەریوەدەبەن و رۆشنبیری و مافی مرۆڤ و مافی ژنی تیدا گەیشتووە بەچ ئاستیك و ئەو بەشەی عیراقیش کە لەژیر کۆنترۆلی رژیمی بەغدادایە لەچ بارودۆخی خراپ و پر نەهامەتیدا دەژین و.... هتد. ئەوانیش کە زانییان کوردم



نەجیب مەحفوز و کازیوە سالح

ئەوجا گوتیان ئێستا دەتوانین بێینەگۆ و قسەبکەین، تۆ وابڵێ ئێمە خۆشیمان بەچارەی عێراقیەکان کە مەبەستیان (سەدامیەکانە) نایەتەوە، بەڵام مادەم کوردیت لەخۆمانی ئیتر بەئازادی قسە دەکەین.

(هیچ پێنووسێك ناتوانێت گوزارشت لەو بەختەوەریە بکات کە لەدڵی مندا دروستبوو کاتێك مەجلیسی نەجیب مەحفوز ئەو هەست و متمانەیان بەرامبەر نەتەوەکەم دەربڕی)، بۆیە گفتوگۆکردنی ئەو ئێوارەیەم زۆر گەرمتر و بەدڵتر دەکرد چونکە دەمزانی ئەوانیش بەهەستتر گوێی لێدەگرن، زۆر زۆرمان لەسەر ئەنفال و کیمیاباران گوت، کە ناوی ئەنفالیان لا نامۆ بوو، لەنێوان هەر باسێکیشدا دەچووینەوە سەر بارودۆخی نوێی ئەمریکا و ئەفغانستان، ناوە ناوەش کەڵەنوسەری گەورە نەجیب مەحفوز بەدەنگێکی بەرز دەیگوت شتی نوێی چیتان لایە لەسەر ئەمریکا و ئەفغانستان پێم بڵێن یان بۆم بخوێننەوە، کە لەناو گفتوگۆکاندا کورتترین دێڕی بەبەرزترین دەنگ دەدرا بەگوێیدا بۆئەوەی گوێی لێبێت، کەم جاریش ڕای خۆی دەردەبڕی و زیاتر بێدەنگ بوو.

دیارە نەجیب مەحفوز ماوەیەکی زۆرە هیچ چاوپێکەوتنێکی نەکردووە چونکە نە دەتوانێت گوێی لەهیچ بێت و نە بەباشیش وەڵامبداتەوە و ئەو شتەی دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، جگەلەوەی زۆر زوو توڕە دەبێ و ماندووش دەبێت، ناتوانێت بەسەریەکەوە بەرگەی دوو پرسیار بگرێت، بۆیە کاتێ گوتم دەمەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم یەکێك لەدانیشتوانی پرسی بەتەواوی دەتەوێ چی لێبپرسی؟ پێمگوت من (١٠٧) پرسیارم نوسیووە و ئەوەندەشم لەدڵدایە ئێستا چۆن بۆم دەستنیشان دەکرێ دەمەوێ چی پێبڵێم. گوتی پێموانییە بتوانێت لەسێ پرسیار زیاتر وەڵامبداتەوە، ئەویش زۆر بەکورتی وەڵامدەداتەوە و پێویستە لەنێوان گفتوگۆکەدا و لەنێوان سەعاتێکدا یان نیو سەعاتدا پرسیارێکی لێبکەیت و ئیتر پرسیار نەکەیت هەتا ماوەیەکی زۆر دیسان پرسیارێکی تری لێبکەیت بەکورترین گوزارشت، بۆیە لەنێوان (٣-٤) سەعات دانیشتندا تەنها توانیمان چەند پرسیاریکی کورتی ئاراستە بکەین ئەویش بەپیی پیویست نەیدەتوانی وەلامبداتەوە.

-تا چەند ئاگاتان لەکیشەی کورد و ئەو نەهامەتیانە هەیە کە ڕووبەرووی بووەتەوە؟

+من کاتی خۆی کە ئۆجەلان گیرا رای خۆمم گوتووە، وتم پیویستە دادگاییەکی دادپەروەرانە بکریت.

-بەلی، بەلام وەکو پیشتر بۆ جەنابتم روونکردەوە ئیمە لەکوردستانی عیراق دەژین، ئۆجەلان سەر بەکوردستانی تورکیایە، تاوانەکانی هەلەبجە و کیمیابارانیش لەکوردستانی عیراقدا بوو؟

+ئەی سەرکردەی ئیوە کییە؟

-بەریز جەلال تالەبانییە.

+ئەو تالەبانییە هیچ پەیوەستیکی هەیە بەتالبانەکەی ئەفغانستانەوە؟

-نەخیر، بەپیچەوانەوە (١٨٠) پلەش دژی یەکن و هەفتەی رابردوو تالبانی ئەفغانستان لەگەل کۆمەلی خەلکی خۆیاندا لەکوردستان هیرشیان بردووەتە سەر کادیرانی (ی. ن. ك) کە تالەبانی سکرتیری گشتیەتی، جگە لەوەی پیاویکە

مێژوویەکی دووردرێژی شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنخوازی هەیە و پیاوێکی عیلمانی و ئەدەب دۆست و بێفیزە، تێکەڵاوی باشی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا هەیە زۆر ڕای جوانی لەسەر بەرهەمەکانی جەنابتان هەیە، دوایی هەردوو وشەکە (تاڵەبانی) و (تاڵبان) لەڕووی واتا و نووسین و مەبەست و دەربڕینیشەوە جیاوازن.

+بەڵێ پێم خۆشە، ئێستاش هەر داوای مامەڵەی دادپەروەرانە دەکەم بۆ کورد و داواکارم بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافی خۆیان بدرێتێ.

–تا چەند ئاگات لەئەدەبی کوردیە، ئایا ئەدەبی کوردیت خوێندۆتەوە؟

+لەوانەیە خوێندبێتمەوە و نەمزانیبێت کوردیە.

–چۆن بۆ نمونە ناوێکی وەکو یەشار کەمال، عەباس مەحمود عەقاد، قاسم ئەمین،.. هتد نەتزانیوە کوردن؟

+نازانم بیرم نەماوە، قاسم ئەمین و عەباس عەقادم خوێندوەتەوە بەڵام بیرم نەماوە کە زانیومە کوردن یاخود نە.

پرسیارێکی دی لێدەکەم گوێی لێنابێت، ئەو ئێوارەیە دەنگ نەرمی یاخود دەنگ نزمیم بۆم ببووە گەورەترین کێشە و زۆربەی پرسیارەکانم دەبوو کەسێکی تر زۆر بەکورتی و بەدەنگی بەرز بیدا بەگوێیدا، ئەم پرسیارەشم بەهەمان شێوە برادەرەکەی تەنیشتی دای بەگوێیدا:

–ئەو کچە جوانەی تەنیشتم دەپرسێت پاش ئەو ڕووداوانە بارودۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بارودۆخی کوردستان بەتایبەتی مەزەندە نەکردووە چی بەسەردێت؟

+(زۆر بەتوڕەیی وەڵامدەداتەوە) ئەو پرسیارە لەمن مەکەن، لەیەکێکی بکەن عەقڵی مابێ، توانا و بیری مابێ (قورگی پڕ گریان دەبێت)، من ئێستا خاوەنی هیچیان نیم، هیچم نەماوە.

پەستیەك بەسەر هەموو دانیشتواندا زاڵدەبێت کە چارەکێك زیاتر کەس قسەناکات، کاتێکیش ئەوان دەکەونە گفتوگۆ من ئاگام لێ‌نیە و پەستیەك بردوومیەتە نێو جیهانی نووسینەکانی نەجیب مەحفوز، نەك پەستی لەتوڕەبوونەکەی پەستی لەو زەمەنە لەدەستی ڕەشی ئەو تاوانبارانەی کە خاوەنی بەناوبانگترین کۆمەڵە کتێب و بیروبۆچوونی گەیاندووە بەو ئاستە، کە سەرجەمی بەرهەمەکانی شارەزایی دووردرێژی (مەحفوز) نیشاندەدەن لەو ژیانەی تێیدا ژیاوە و ئەزموونی لێوەرگرتووە، سەرجەمیانی پڕکردووە لەحیکمەت و وانە و ئامۆژگاری، کەسیش ناتوانێت کۆمەڵە کتێبی (المهد، دخان الظلام، الیمامة، القرار الأخیر، الخنافس، وراء العامود، تنیره أم عزیز، حملة قماقم و المباخر، الغد القادم، المؤامرة، طبقات السعادة، مسافر بحقیبة الید، رجل أفلس، لحظة عابرة، عودة الغریب، الرجل الوحید، بیت المستشار، الرجل القوی، البهر، ذو دخل المحدود، الحزن له أجنحة، العود و النارجیلة، لقاء خاطف) بخوێنیتەوە گەواهیدەری ئەو ڕاستیە نەبێت کە گەورەترین ئەزمونی ژیان و ئامۆژگاری وەرگرتووە.

کەسیش ناتوانێت کۆمەڵە کتێبی (کرنك، یوم مقتل الزعیم) بخوێنێتەوە و نەزانێت جورئەتی کەڵەنوسەر (نەجیب مەحفوز) گەیشتبوو بەچ ئاستێك لەرادەربڕیندا بەرامبەر هەردوو سەرکردە (جمال عبدالناصر و السادات) و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بەوڵاتەکەی وەکو میسر و نەتەوەکەی وەکو عەرەب. کاتێکیش خوێنەر سێینە



کەناڵی ( BBC ) خەڵاتی ڕێزلێنان ئەداتە نەجیب مەحفوز

بەناوبانگەکەی (بین القصرین، قصر الشوق، السکریة) دەخوێنێتەوە وهەروەها دەگات بەناوەڕۆکی (السراب، البدایة و النهایة، حکایات حارتنا، قلب اللیل) قۆناغە مێژووییەکانی میسری لەخوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان زیاتر بۆ ڕووندەکەنەوە و زۆر بەوردی دەزانیت لەو قۆناغانەدا هەڵوێستی توندڕەو و تاوانبار و شۆڕشگێڕ چۆن بووە.

من بەم خەیاڵانەوە ڕۆشتبووم کە نووسەری گەورە هەموومانی لەخەیاڵ و پەستی پچڕاند و فەرمووی: ئەوە یەکەمجارە لەمێژوودا بانگەشەی شەڕ بکرێت، بەبێ‌ئەوەی بانگەشە لەسەرکراو بناسین، هەمیشە بانگەشەی شەڕ لەسەر شتێك دەکرێت شەڕکەر هەمیشە شەڕ لەگەڵ کراوێکی هەیە کە پێویستە خەڵك بیناسێت، بۆ نمونە شەڕ لەسەر ئەڵمانیا، یەکێتی ئەوروپا، تەنها بانگەشەی شەڕ نیە و شتی تری لەپەنادایە بەڵام ئەم شەڕە نادیارە.

–چۆن ئیعلان نەکراوە، سەرۆك بۆش ئەڵێت هێرشی ئێمە بۆ سەر قاعیدەی بن لادنە چونکە تیرۆریستن.

+ئەمە بۆشی سەرۆك خۆی گوتی؟

–بەڵێ سەرۆك بۆش خۆی گوتی، گوتی ئەوانە تیرۆریستن.

+باشە، بەڵام چۆن بانگەشەی شەڕ لەگەڵ کەسێك دەکەن کە تەنها ڕێکخراوێکی (٣٠–٥٠) کەسی هەیە؟

–بەڕێزم ئەوەی تێیانگەیاندووی ڕاست نیە، پیاوەکانی بن لادن زیاتر لە (٥٠) هەزار کەس دەبن، بەزۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا بڵاوبونەتەوە تیرۆر دەکەن.

+بن لادن خورافەیە، دروستکراوە، ئیبلیسە، ئایینی مەسیحی و ئایینی جولەکەش هەر ئایینە و لەمجۆرە خورافانە کەوتوون.

لێرەدا ئەو برادەرەی لەتەنیشتمەوەیە باسی کێشەی منی بۆ دەکات لەگەڵ ئیسلامییەکاندا، لەگەڵ میتۆدی گۆڤارەکان (نڤار) و (نوێکار)، نەجیب مەحفوز بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ: (ئافەرین کە بەئەزموون و تەمەنی مناڵ گەیشتووی بەقەناعەتی گەورە، تۆ هەموو ئێوارەیەك وەرە بۆ دانیشتنەکانی ئێمە.

–بەداخەوە مامۆستای بەڕێزم من تەنها سبەی شەو دەتوانم ئامادەبم و دوو سبەی سەفەر دەکەمەوە بۆ سووریا. لێرەدا ئەو ئێوارە دانیشتنە کۆتایی هات و ئێوارەی دووەم لەمەشرەبیە بەدیداری ئەو ڕۆحە وەنەوشەییە و ئەو زاتە گەورەیە شادبوومەوە، لەدوا ئێوارەی ماڵئاواییشدا هەر لەنێوان نیو سەعاتدا هەل دەقۆزمەوە و پرسیارێکی لێدەکەم:

—تا چەند ئاگاتان لەدەستدرێژی کردنی تالیبانە بۆ سەر کوردستان بەناوی (جند الاسلام)ەوە؟

+من ناتوانم شت بخوێنمەوە و کاتیشم نیە، تەنها بابەتەکانی (رجاء و ثروت)م بۆ دەخوێننەوە (مەبەستی رجاء النقاش و ثروتی رۆژنامەنوسە) چونکە دوایی لێمدەپرسن خوێنتەوە؟ رات چیبوو؟ ئیتر ئەگەر هەواڵێك هەبێت پێمدەڵێن.. ئیتر توانای هیچم نەماوە.

—دەتەوێ من زیاترت بۆ باسبکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە؟

+تۆ سیاسەت دەکەیت، وا هەموو جارێك دەچیتەوە سەر تەوەری سیاسی؟

—نەخێر، من هیچ لەسیاسەت تێناگەم.

+کچم ئەوەی تۆ دەیکەیت لەسیاسەت گەورەترە، تۆ هەموو رەمزە گەورەکانی عەرەب دەگریت، هەموو مەسەلەکانی تێدەگەیەنیت، وای لێدەکەیت ئەویش بەرگریتان لێبکات، بەرگریکردنی هەریەك لەو رەمزانەش واتە بەرگریکردنی ژمارەیەکی زۆر لەجەماوەرەکەی.

—کەواتە رات بەرامبەر ئەو توندڕەوانە چییە کە تۆیان گەیاندووە بەم ئەنجامە و نەتەوەکەی من بەچەقۆ سەردەبڕن؟

+هیچ فیکرێك نیە توندڕەو نەبێت، لەجیهاندا هیچ بیرێکی مامناوەند نییە، هەموو بیرێك توندڕەوی تێدایە، بەڵام ئەگەر یەکێك بیەوێت بەزۆری هێز بیری خۆی بسەپێنێ ئەوە توندڕەو نییە، توندڕەو قسە و بیرە، هەموو تیۆرەکان و هەموو فەلسەفەکان توندڕەوی تێدایە و سلاویش لەتوندڕەوەکان، بەڵام بتەوێ بیری خۆت بەچەقۆ بسەپێنی بەسەر خەڵکدا ئەوە تاوانە نەك توندڕەوی، لەهەموو مێژوودا توندڕەوەکان مێژوویان بونیادنا، ئەوەی کە مامناوەندەکان نەیانتوانی بیجوڵێنن.

—ئەی بەڕای جەنابتان شتێك نیە ناوی توندڕەوی ئایینی بێت؟

+بەڵێ توندڕەوی ئایینی هەیە، بەڵام توندڕەوەکانی بیریارن.

—چۆن کەسێك شمشێر و چەقۆ لەنەتەوەکەم رابکێشێ یاخود لەوەش زیاتر لەمرۆڤی رابکێشێ و پارچە پارچەی بکات بڵێم ئەو بیریارە توندڕەو نییە، خۆ ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ (نەجیب مەحفوز) ناکەین بزانین چی ئەڵێ، ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ دڕندە دەبینەوە کە خۆیان دەزانن چی دەکەن و بەچ مەبەستێك ئەوە دەکەن.

+ئێوە جیاوازی نێوان توندڕەو و بەکارهێنانی هێز بکەن، چونکە یەکێکیان بیریارە و ئەویتریان تاوانبارە، ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن تاوانبارن نەك توندڕەو.

—بەپێی قسەکەی جەنابت ئەوانەی لەناو ئیسلامیەکاندا بەبیریار ناسراون دەبێ توندڕەو بن نەك تاوانبار، بەڵام کاتێ (عمر عبدالرحمن) گوتی: ئێمە ئەگەر کاتی خۆی (نەجیب مەحفوز)مان بکوشتایە (سەلمان ڕوشدی)مان بۆ دروست نەدەبوو، لێرەدا کەس پێی ناڵێ پیاوکوژە لەکاتێکدا قسەکانی فەرمانی کوشتنی تێدایە کەواتە لێرە ئەم بیریارە بەڕێزە تاوانبارترە لەتاوانبارەکان گەرچی بەکردەوەش نەبووبێت؟

+ئەوە ڕاستە، بۆئەوەی شتەکانت لەلا ڕوونبێت و بزانیت دوژمنتە، توندڕەو ئەو کەسەیە خەتێکی بیری هەیە تا کۆتایی لەسەر ئەو هێڵە دەڕوا و ئیتر زیاتری نییە ئەمە بیریارە، بەڵام ئەوانە کە خەڵك چەواشە دەکەن ئەگەر بەکردەوەش نەبێ پێیاندەگوترێ تیرۆریست، ناکرێ پێیان بڵێین توندڕەو بەهەموو ئەو بابەتانە بڵێین تاوانبارە تیرۆریستەکان.

لێرەدا ئەم ئێوارەیەشمان بەپرسیارێکی نەجیب مەحفوز کۆتایی پێهێنا:

—بۆچی هاتنی تۆیان لەسوریا دواخست؟

+پاشئەوەی وەڵامم دایەوە داوام لەو هاوەڵەی هەمیشە لەگەڵیدا بوو کرد کە وێنەیەك بگرین، گوتی پزیشك وێنەگرتن و فلاشی کامێرای لێقەدەغەکردووە، چەند ساڵ ئەبێت بەهیچ شێوەیەك وێنەی نەگرتووە چونکە زیان بەتەندروستی دەگەیەنێت، ئێستا لەخۆی دەپرسین:

—دەمانەوێ وێنەیەك بگرین.. دەکرێ؟

+بەڵێ.. بەڵێ بەوپەڕی خۆشیەوە..

—کە وێنەکەمان گرت لەکوڕەکەی پرسی: سوعاد ئەم کچە جوانە؟

+بەڵێ قوربان، ئەی هەر لەسەرەتای ناساندنتانەوە بۆیە گوتم ئەم کچە جوانەی تەنیشتم، بۆئەوەی تێبگەیت کە جوانە.

—جارێکی تر قورگی پڕ گریان دەبێ و ئەڵێ: ئای زەمانە بەنەفرەت بیت، هەزار جار بەنەفرەت بیت.

+سوعادیش جارێکی دی ئەڵێ بەڵێ هەزار جار بەنەفرەت بێت، بەمنیش ئەڵێ ئەزانی ئەوە یەکەمجارە وێنە دەگرێ و پێیخۆشدەبێت.

